

# ماچێك بە تامی خۆڵ

مینا تیموری
لە فارسییەوە: توانا

## ماچم کە.. بۆ دواجار

بە شەوقێکی منالأنەوە
سەراسیمە و تەنگەنەفەس
ئەڵێی:
کورتترین شیعرم بۆ تۆ وتووە.
سەراپا گوێم
کە دەڵێی:
ماچم کە
***

## نەمگوت؟

ئەڵێی:
سێوە، تەواوە
سوورە، قبوڵە
ئەسڵەن حەوا هەر تۆی
بەڵام ئاخر
بۆ ئەوەندە ڕەش؟
ئەڵێم:
سەیرکە
بنچەمت نیشان دەدەم
ئەم خوێناوە دەبینی
ڕەشیی سێوەکانی من
لە ژەهری ئەم خوێناوەیە
.....
بینیت حەق بە من بوو؟
دیسان بڵێ نەو..
***



## ئەڵقە

ئەڵقەکە لە گیرفانتایە..
جێگەکەی لەسەر پەنجەت بەجێ ماوە و
داغی لە دڵی مندا
کە خۆت ڕۆیشتی
با جێگەکەشت بڕوا..
کە منیش ڕۆشتم
جێگەم بەجێ دەمێنێ لە دڵتا؟

تەنانەت
بۆ چەند ڕۆژێ؟
........
حەقم نییە بە ڕاست و درۆوە
بەس مەڵێ:
نەء..
***

## چێك لیست

ئەم کتێبانە مەخوێنەوە
دڵی کتێبخانەکەم پێم دەڵێ
هەمیشە
چێك لیستی ژیانم
پارچەیەکی کەمە
من تا کۆتایی
(یەك) پارچە بۆشاییم هەیە
دیسانیش هەر بڵێ نایەی
***

## من.. با.. تۆ

بیڵێ
هەرچیت پێخۆشە بیڵێ
بەڵێ من حەسودم.. ئێ چییە؟
من ناتوانم
ناتوانم ببینم (با)
وەها ئاشوفتە





لە کراسەکەی تۆدا
سەمای (سالسا) بکا
***

## ماچێك بە تامی خۆڵ

نـا، تەواو
چ عەیبێکی هەیە؛
جێ پەنجەکانت لەسەر مێز..
تۆ نیت
بەڵام من هێشتا
هێشتا هەر بەیانیان
سەرپەنجەکانت ماچ دەکەم
گەرچی دەمم
تامی خۆڵ دەگرێ
***

## زوبانی پێیەکانی تۆ

سەیرە
کە لەدواتەوە دەوەستم
ئەڵێم:
دەڕوات
کە لە بەردەمتا دەوەستم
ئەڵێم:
دێــت
چاوت لێیە؟
زوبانی پێیەکانت نازانم

تۆ پێم بڵێ
بەڵام ڕاست پێم بڵێ
ڕاست
***

## هات و نەهات

«هات و نەهات»
دوو کردارن کە
کە بەیەك «و» دەستی یەکیان گرتووە
تەنانەت
لە وتنیشدا
جێیەك
بۆ «مانەوە» نییە
***

## وەرگێڕان

وەرە تەنیایی تەرجومە بکەین
من دەڵێم
تەنیایی؛ دەستەکانی منە کە
دوو دەست دەبینێ
لە قۆڵی یەکدان
یەکێکیان
ژن
یەکێکیان
پیاو
ئەو خۆی لە گیرفانما دەنوقێنێت
پەنجەکانم گەرم دەکاتەوە؛





بە ئەڵقەیەکی بێ پەنجە لە گیرفانما
بەڵکو بیریان بچێتەوە
ئازاری گەرمی ماچ لەسەر ڕوویان
......
ئێستا تۆ بڵــــێ...
***

## کۆڵانی درەخت

ئاخ لە تۆ..
ئاخ لەم کۆڵانی درەختە
هەواڵی ماڵەکەت
بەچیدا بزانم؟
ڕەنگە کە لەم کۆڵانەوە تێپەڕیبی
دەستێکت ڕاکێشابێ بۆ جەستەیان
نیگایەکت
لە گەڵاکانیان کردبێ
لەوەش دەچێ
پاڵت دابێت بە قەدی
خۆشبەختترینیانەوە
...............
دەست دەهێنم
بە جەستەی شەقار شەقاریانا
ڕەنگە دەستم بسوتێ
قسەیان لەگەڵ دەکەم
بەڵکو یەکێکیان
بە زاری تۆ بانگم کا
.......
چەند بچمە پێش

حەسرەتم زیاتر دەبێ و
ئومێدم کەم
ئەوانیش نیشانەیەك نادەن
لە «تۆ»ی من
.......
بێ ئینساف..
منت نەبینی بەدەرەك
بەس نیگایەك لەو درەختانەدا
سەرف بکە
من
بۆنی نیگاتم بەسە
***

## دڵۆپە

ئەبێ چاری بکەم
ئەبێ بیرێك لەم چاوانەم بکەمەوە
ساپیتەیان دڵۆپە دەکات
وابڕوا
دڵم
ئاو دەیبا
***

## بـــا شۆخی دەکات

(با)ش ڕادەبوێرێ
لە دەرگا دەدا
کەچی لە پەنجەرەوە
سەردەکێشێتە ژوورەکەم





یانی نازانێ
گوێ بە زەنگ و
چاو لەڕێی تۆم؟
***

## کلـــیـــل

بڕۆ..
لە ڕۆشتنت بێ باکم
کلیلی ماڵەکە لە گیرفانتدایە
یانی..
هەر دەگەڕێیتەوە

**سەرچاوە:** سیب سرخ حوا